

# دەربارەی چەمکی دیالەکتیک

فەیسەڵ ئەعوەر

لە عەرەبییەوە: ئەیووب حەسەن

دیالەکتیك لە بنەڕەتدا وشەیەکی گریکیە، بەکارهێنانی زۆری لە لایەن بیریار و فەیلەسووفەکانەوە، بە ناو هەندێک لە ناڕوونی و تاریکییدا بردوە، لەگەڵ ئەوەیشدا فەیلەسووفەکان بیر و بۆچونەکیان جیاواز بوە لە سەر ئەو چەمکە، کارەکەی ئێمە هەوڵدانێکە بۆ ڕوونکردنەوەی مانای ئەم وشە و بنەچە، و صەیرورەتەکەی لە ناو فیکری فەلسەفییدا، لە ڕێگەی ئاماژەکردن بە چەند فەیلەسووفێکی بەناوبانگەوە. فەیلەسووفە کلاسیکییەکان باوەڕیان وەها بوو کە ئاشکراکردنی دژەکان لە ئایدیا و پێکدادانی ئایدیا دژەکان، بریتییە لە هۆکارێک کە بەشداری دەکات لە پرۆسەی گەیشتن بە حەقیقەتدا.

نزیکترین شیکار، یاخود شیکاری بۆ دیالەکتیك، لە زمانی عەرەبیدا بریتییە لە وشەی «جدل» یان بە هەندێك وشەی تر وەك «مجادلة و المناقشة» (مشتومڕ و گفتۆگۆ). بەڵام وشەی «جدل» لە خۆیدا هێشتا ناتوانێت تەواوی ئەو لایەنە زۆرانە ڕوون بکاتەوە کە وشەی دیالەکتیکی تێدا بە کار هێنراوە. وشەکە لە بنەڕەتدا یۆنانییە، و فەلسەفەیش بەو بەرفراوانییەوە لە یۆنانەوە دەرکەوتوە. وشەی دیالەکتیک وەک هەر وشەیەکی تری لە ناو فەلسەفەی یۆناندا لە دایک بوە، وەک وشەکانی تر؛ فەلسەفە، دیموکراسی، و ئەوتۆکراتی... هتد. لە هەندێک وێستگەدا کە چەمکی دیالەکتیکی تێدا دەرکەوتوە، دەوەستین بە تایبەت لە ناو فەلسەفە بەناوبانگەکاندا.

## دیالەکتیکی هیراکلیتس

بە گەڕانەوە بۆ مێژووی فەلسەفەی یۆنانی، سۆراغی مانای وشەی دیالەکتیك دەکەین، لای هیراکلیتس (475 – 35 پێش زاین)، ئەم فەیلەسووفە لە بارەی تیۆری گۆڕانی بەردەوامەوە (theory of flux) گفتوگۆی کردوە، ناوەڕۆکی تیۆرەکەی ئەوەیە؛ هەموو ئەو شتانەی کە هەیە لە گۆڕانێکی هەمیشەیدان و جەوهەری بوون بریتییە لە جووڵە و گۆڕانی بەردەوام، ئەم گۆڕانە خێرایانە بریتییە لە ململانێی نێوان دژەکان، ئەمەیش بنەڕەتی بوون و صەیرورەیە و هەموو شتێك لە ناوخۆدا دژەکەی هەڵگرتوە، شتەکان دەچوێنێت بە ڕووبارێکی ڕۆیشت و کە بە بەردەوامی ئاوەکەی دەگۆڕێت، هیراکلیتس پێی وایە کە تۆ ناتوانیت دوو جار لە یەک ئاوی ڕووباردا مەلەوانی بکەیت، لەم ململانێیەوە تەواوی جیهان پەیدا دەبێت، ململانێ یاسایەکی حەتمییە کە تەحەکوم بە هەموو بوونەوە دەکات، ئەو لە دەرەوە نایەت، بەڵکوو لە ناو بووندا چەسپاوە، گونجان و ململانێ هەر دووکیان ماهیەتی یەکێتیی دژەکانە. هیراکلیتس وەهای دەبینێت، کە ئاگر مادەی یەکەمە لە سروشت دا؛ لە بەر ئەوەی بەتواناترینە لە گۆڕان و جووڵەدا، لەو دوانەیش هەموو جیهان دروست بوە؛ ئاگر بنەڕەتی بوونە، و ژیانی گشتی و یاساکەی و هەموو شتەکان دەگۆڕێن بۆ ئاگر، و ئاگریش دەگۆڕێت بۆ هەموو شتەکان، ئەمەش لە ڕێگەی دیالەکتێکی باڵا و نزمەوەیە، ئاگر یەکەمینە کاتێك دەبێت بە شێ و دەگۆڕێت بۆ ئاو، هەروەها ئاویش دەبێت بە خۆڵ، لە بەرانبەریشدا خۆڵیش دەگۆڕێت بۆ ئاو و ئاویش دەبێت بە ئاگر. جیهان هیچ یەکێک لە خوداکان یان مرۆڤ دروستیان نەکردوە، بوە و دەبێت، ئاگر زیندوویەکی ئەبەدییە و بڵێسە دەدات، دەکوژێتەوە، ئاگر بە هێواشی دەگۆڕێت بۆ شتێکی تر، بەڵام ئاگرەکە هێدی هێدی ئەو شتانە تەواو دەکات کە بۆی دەچن تا وای لێ دێت هیچ شتێك نامێنێ تەنیا ئاگرەکە نەبێت، ئەمەیش بریتییە لە ڕۆڵی تەواو یان ساڵە مەزنەکە، ئەمە دووبارە دەبێتەوە بە بەردەوامی و بێ کۆتایی بە پێی یاسای پێویستیی گشتی بریتییە لە لۆگۆس، مەبەستی هیراکلیس یاسایەکی خودیی جیهانە و بنەمای ڕێکخستنی بە پرۆسەی گۆڕانی خێرادا تێپەڕ دەبێت، ئەم یاسایە کە هەموو بوون پێی دا تێپەڕیوە لە دژە بۆ دژ، ئەمە تاکە شتێکە کە جێگیر بێت لەم جیهانەدا گۆڕان بریتییە لە خودا.



**لینین دەڵێت: «دیالەکتیك بە مانایەکی سادە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی لە دژەکان لە جەوهەری شتەکان لە خۆیاندا». دیالەکتێکی مارکسی گوزارشت دەکات لە پرۆسەی گەشەکردن لە نزمەوە بۆ باڵا**

## دیالەکتیکی زینۆن

زینۆن سالانی (490 – 430 پێش زاین) دیالەکتیکی بە کار هێناوە، هەروەها یەکەم کەس بوە کە بە شێوەیەکی ڕوون باسی زانستی دیالەکتیکی کردبێت، تەنها بە جیاوازییە مەنتیقییەکانی زانیوە، پرسیارێکی گرینگی داناوە لە شێوەیەکی نێگەتیڤدا لە سروشتی دیالەکتیکی جوولەدا. دیالەکتیك بە لای زینۆنەوە بریتییە لە دیالۆگ بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، بە پێشکەشکردنی ئایدیا، و ئایدیای دژەکەی، لە ڕێگەی پرسیار و وەڵامەوە.

نووسراوەکانی زینۆن بە چواردەوری ئایدیایەکی بنچینەیدا دەسووڕێنەوە، ئەویش بریتییە لە «بون یەکە و نەك زۆر، و ستاتیکە نەك جووڵاو». ئەو ناوبانگی دەرکرد بە میتۆدی دیالەکتیك، هەموو پرسیارێکی فەلسەفیی تیۆرێکی وەڵامدانەوەی هەڵگرتوە، ئیحتیمال بە مانای ئەوە دێت کە فیکر ناتوانێت حوکمی هەموو شتەکان بکات بە نەگۆڕیەتی یان نەفی، بەم شێوە تێبینیی جیاوازیی دیالەکتێکی هیراکلیتس و زینۆن دەکەین، بەتایبەتی ئەوەی کە پێوەندیی بە گۆڕان و جووڵەوە هەیە.

## دیالەکتێکی ئەفلاتوون

دیالەکتیکی ئەفلاتوونی لە تیۆری ئەشکەوتەوە هاتوە، کە تیۆرێکی فەلسەفەیە گوزارشت لە دونیابینیی ئەفلاتوون دەکات بۆ جیهان. ئەفلاتوون لە (427-428 پێش زاین) دا دەربارەی دیالەکتیکی باڵا گفتوگۆی کردوە، کە بریتییە لە گواستنەوەی زیهن لە هەستەکانەوە، وەك نموونەیەکی باڵا، یان ڕووتکردنەوەی هەستەکان لە ئەدگارە مادییەکان و گەیشتنە بە مانایەکی ئەبستراکت کە گوزارشتی لێ بکات، هەروەها دەربارەی دیالەکتیکی نزمیش دواوە، کە بریتییە لە گواستنەوەی زیهن بۆ هاوشێوەکەی، یان مانا ئەبستراکتەکەی بۆ هەستەکان. ئەفلاتوون وەها دەبینێت، کە جووڵەی زیهن ئەو بەرز و نزمبوونەوەیە ڕێنمایی مرۆڤ دەکات بۆ گەیشتن بە حەقیقەت.

هونەری گفتوگۆ و دیالەکتیک، یان گواستنەوەی دیالەکتیك، ئەمە ڕێگە نادات بە نەفس بۆ ئەوەی کە بەرز ببێتەوە بە سەر جیهانی شتە هەمەجۆرەکان و گۆڕاوەکان بۆ جیهانی بینراوی ئایدیاکان. لەبەر ئەوەی لە ڕێگای ئەم دیالەکتیکە هەڵکشاوەوە بەرەو گەیشتن، فیکر ئەوە دەزانێت کە زانست لە بۆچوون دەردەچێت، ئەوە زانستێکی گشتییە، پێکهاتوە لە خەیاڵ و بیر و بۆچوون و تێکەڵبوونی ڕاست و هەڵە.



لای هیگڵ هۆشیاری پێش مادەیە، بەڵام دیالەکتیکی مارکسی ئەمەی پێچەوانەکردۆتەوە و لە سەر بنەمای مادە پێش هۆشیاری دامەزراوە

فیکـر دەرهاویشـتەی واقیـع یـان دەوروبـەرە، یـان کۆتەکەکانە، بەشداریی کـردوە لـە دروسـتکردنی بڕواکانمانـدا، ئەفلاتـوون جەوهـەری فیکرەکـەی خـۆی لـە سـەر ئـەو تیـۆرە داناوە کـە بینیمان، یـان لـە بەکارهێنانـدا بینیـمان، کـە نابێتـە دەربازگـە لـە واقیعـی ڕاسـتەقینەی کارەکان، بەڵکـوو تەنهـا دەبێتـە سـێبەرێکی هەڵخەڵەتێنـەری حەقیقـەت، هـەر لەبـەر ئەوەیـە کـە هەسـتەکانمان هەڵـمان دەخەڵەتێنێـت و ناکرێـت پشـتیان پـێ ببەسـتین. ئەفلاتـوون لـە سـەر دیالەکتێکـی بـاڵا و نـزم گفتوگـۆی کـردوە لـە تیـۆری ئەشـکەوتەکەیدا، لـەو تیۆرەیـدا تێڕوانینـە فەلسـەفییەکانی ڕوون دەکاتـەوە.

## دیالەکتیکی هیگڵ

هـەر دەبێـت نـاوی ڕاسـتەقینەی ئـەم فەیلەسـووفە نـاودارەی ئەڵمانیا ئاماژە پـێ بدەیـن کـە لـە بارەیـەوە دەدوێـن، جـۆرج ویلهلـم فریدریـك هیـگڵ (1770 – 1831) کـە دیالەکتیکەکـەی ناوبانگـی دەرکـردوە بـە دیالەکتیکـی هیگڵـی. دیالەکتیـك لای هیـگڵ بریتییـە لـە لێکدژیـی نێـوان ئایدیـاکان، ئەمـە دەبێتـە هـۆی دەرکەوتنـی ئایدیـای نـوێ، بـەم شـێوەیەیش پێشـکەوتن ڕوو دەدات، ڕۆحـی جیهانیـش بـەرەو کاملبـوونی مـەزن پێـش دەکەوێـت.



دیالەکتیکی هیگڵ سەر بەرەو خوار بوو، مارکس خستییەوە سەر پێی خۆی

کاتێك دیالەکتیك تیشك دەخاتە سەر ئیدیایەك، ئایدیای دژ دێت لە ئایدیاکەوە، ئەمەیش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئایدیای تازە و جیاوازتر لە هەر دوو ئایدیاکەی پێشوو، ئەمەیش ئیدیا و دژەکەی دروست دەکات. لە ڕێگەی ململانێی نێوان ئایدیاکان، ئایدیای نوێ دەردەکەوێت مرۆڤ دەگوازێتەوە بۆ دەستکەوتنی مەعریفی، ئەوە ئەستەمە کە بۆچوونی هیگڵ بگات بە هۆشیاری بە هۆی مادەوە، هەر وەك ئەوەی کە ماتریالیستەکان دەیبینن، ڕزگارکردنی مادە لە هۆشیاری وەک ئەوەی کە ئایینەکان دەیڵێن موستەحیلە، لەبەر ئەوە گەر تەماشای هۆشیاری بکەین بەو وەسفەی کە دەرئەنجامی پێشکەوتووی جەوهەری یەکەمی ڕەهایە، یەکێتیی ڕەهای خود و بابەتی پێک ناهێنێت بە بێ جیاکردنەوە لە نێوانیاندا، یەکێتی یەکەمین بنەمای جەوهەری جیهان دروست دەکات، ئەویش بریتییە لە یەکێتیی بوون و ئایدیا، ئەمەیش خودێتی و بابەتی فیکری جیا دەکاتەوە.

دەگەین بە ڕەهەند و پێکهێنەرە بنەڕەتییەکانی پرۆسەی دیالەکتیک لای هیگڵ ئەویش بریتییە لە:

1-ئایدیا

2-دژە ئایدیا

3-پێکهاتن لە ئایدیا و دژەکەی.

## دیالەکتیکی مارکس، یان دیالەکتیکی مارکسی

تێبینیی ئەوەمان کرد کە فەلسەفەی هیگڵ لە سەر بنەمای ئایدیایەک دامەزراوە کە هۆشیاری پێش مادەیە. بەڵام کارڵ مارکس (1818–1883زایینی) دیالەکتێکی هیگڵی بە کار هێناوە، بەڵام بە شێوەیەکی پێچەوانە، دیالەکتیکی مارکسی لە سەر بنەمای مادە پێش هۆشیاری دامەزراوە بەو گوزارشتەی کە مادە هۆشیاری دیاری دەکات، دواتر هۆشیاری پێش دەکەوێت بە پێشکەوتنی مادەکانی چواردەوری مرۆڤ. هۆشیاری ڕەنگدانەوەی ماتەرە. مارکس هاوبۆچوونی هێراکلیتسە لەوەدا کە گەردوون لە بارودۆخی گۆڕان و پێشکەوتنی بەردەوام دایە، بەڵام لێرەدا شتێکی نوێ هەیە کە دروست بوە دەرئەنجامی دژیەکی نێوان کۆن و نوێ، لە نێوان ئۆبجێکتێکی هەڵوەشاوە و ئۆبجێکتێک کە زیندوو دەبێتەوە. شێوازی دیالەکتیك پێویستی بە توێژینەوەکردن هەیە لە سەر دیاردەکان، نەك بە تەنها لە بۆچوونی پێوەندییە ئاڵوگۆڕەکانیدا یان پشتبەستن بە یەکتری، بەڵکوو لە گۆشەنیگای جووڵە و گۆڕان و پێشکەوتنیانەوە، لە گۆشەنیگای دروستبوون و گەشەکردنیانەوە، گەر بە دواداچوون بۆ ئایدیای دیالەکتیك لای

مارکسـییەکان بکەیـن، ئـەوە ئاشـکرایە کـە دامەزرێنەرەکـەی کارڵ مارکـس، و فریدریـک ئەنگلسـە، هەروەهـا گەشـەپێدەری هەیـە وەك لینیـن یـان هـەر سـەرکردەیەکی کۆمۆنیسـتی جیهانـی.

### یاساکانی دیالەکتیك

1-یەکێتیی ململانێی دژەکان.

2-نەفغی نەفی.

3-گۆڕانـی بڕیـی کـە دەبێتـە هـۆی گۆڕانـی جۆریـی.

ئەنگلـس دەڵێـت: «دیالەکتیـك» شـتەکان و شـێوە هەسـتپێکراوەکەی وەردەگرێـت، بـە جەوهـەر، لـە پێوەندییەکـی ئاڵوگۆڕدا و لـە زنجیرەکەیـدا و لـە جووڵەکەیدا و لە گەشەسـەندنیدا و ونبوونیـدا... پێویسـتە تیشـك بخەینـە سـەر بنەچـەی داروین کـە پێداکێشـانێکی بەهێـز بـوو لـە فیکری میتافیزیك و سروشـتەکەی بـە بەڵگەکانی لـە سـەر جیهـان ئۆرگانـی سـەردەم، ڕوەکـی و ئاژەڵـی، لـە سـەر ئـەم بنەمایە وەك مـرۆڤ، هەمـووی دەرئەنجامـی ئـەو پرۆسـەی گەشـەکردنە بـوو، کـە پێشـکەوتوە لـە سـەرەتای ملیۆنـان ساڵی ڕابـردوە... لـە فیزیـادا هەمـوو گۆڕانـەکان پێـک دێـن لـە بـڕەوە بـۆ جـۆر، ئەویش دەرئەنجامـی گۆڕانکاریـی بـڕە لـە شێوەیەکی دیاریکـراوی جووڵـەوە، بـەڵام بـە شـاراوەی لـە لەشـدا پێـک دێـت، یان بەرەنـگاری دەبێتـەوە... یـان دەگونجێت کـە کیمیـا نـاو بنرێـت بـە زانسـتی گۆڕانکاریـی جۆریەتـی، کـە ڕوو دەدات لـە جەسـتەکاندا ئەویـش دەرئەنجامـی گۆڕانکاریـی پێکهاتـەی بـڕی.

لینیـن دەڵێـت: «دیالەکتیـك بـە مانایەکـی سـادە بریتییـە لە لێکۆڵینـەوەی لە دژەکان لـە جەوهـەری شـتەکان لـە خۆیانـدا». دیالەکتێکـی مارکسـی گوزارشـت دەکات لـە پرۆسـەی گەشـەکردن لـە نزمـەوە بـۆ بـاڵا، گفتوگـۆ نـاکات دەربـارەی ئاشـکراکردنی بەرجەسـتەبوونی دیـاردەکان، بەڵکـوو بـە وێنەیـەك کار لـە سـەر ئاشـکراکردنی دژە پێویسـتەکان دەکات لـە شـت و دیاردەکانـدا، بـە شـێوەی «ململانێـی» مەیلـە دژەکان، و کار دەکات لـە سـەر بنەمـا لێکـدژەکان.

لینیـن دەڵێـت: «دیالەکتیـك بـە مانـا ئاساییەکەی بریتییـە لـە توێژینەوەکـردن لـە سـەر دژەکان لـە جەوهـەری شـتەکان خۆیانـدا... پێشـکەوتن بریتییـە لـە ململانێـی دژەکان».

مارکـس دەڵێـت: ئـەوە موسـتەحیلە کـە بیرکردنـەوە لـە مادە و بیرلێکراوەکـە جیا بکرێتـەوە، مادە بـۆ خـۆی بریتییە لـە سـەرجەمی گۆڕانـەکان.

مارکسیسـتەکان نێـوان تیـۆری دیالەکتیك و تیـۆری مـادە پێکـەوە دەبەسـتنەوە، بەتایبەتـی لـە قسـەکردنیاندا دەربـارەی ئـەو چینـەی کـە هەسـت بـە خـۆی دەکات، بـوە بـە ڕاهێنراوێـک لەبـەر ئـەوەی دەسـتی کـردوە بـە سـەر ئـەو چینانـەی کـە مـاون. بـەڵام بەوەیـش خۆشحاڵیشـن بـەوەی کـە نـاو دەبرێـت بـە «دیکتاتۆریەتـی پۆلیتاریـا» کـە هاوکاریـی کۆمەڵـگا دەکات تـا بـگات بـە لێهاتـووی و خۆشـگوزەرانی، بـەڵام بەداخـەوە پێشـبینییەکانیان سـەرکەوتوو نەبـوو، مارکسیسـتە ڕۆشـنبیرەکان بـە نـاوی پرۆلیتاریـاوە حوکمیـان دەکـرد، بـەڵام فەرمانڕەواییەکـی زۆردارانـە بـوو، زیاتـر لـە حەفتـا سـاڵ، پاشـان ئیمپراتۆریەتەکەیـان هـەرەسی هێنـا و هەڵوەشـایەوە، دوای ئـەوەی کـە درۆیان کرد و خەیاڵپەرسـت بـوون، لەگـەڵ ئـەو ئایدیایانـەدا کـە دەیجووڵانـدن.

ئەگـەر، وەسـفی دیالەکتیـك بکەیـن بـەوەی کـە زانسـتی یاسـاکانە و زیاتـر گشـتیگرە و حوکمـی سروشـت و کۆمەڵگا و فیکـر دەکات، یـان بـە شـێوەیەکی تـر کـە زیاتـر گشـتگیر بێـت «جـدل» بـە پێـی چەمکە عەرەبییەکـەی. بـەڵام ئەمە بریتییـە لـە ڕوئیا و دونیابینیی فەلسـەفی بـۆ گـەردوون، ململانـێ و ژیـان و مـردن و مـادە و ڕیـاڵ و گەندەڵـی و نەمـری تـا کۆتایـی.

### سەرچاوە

حول مفهوم الديالكتيك - فيصل الأعور

**http: //joleft.org/**